

# وەی کە ناخۆشی نیشتیمان..

باران

ڕێبوار سیوەیلی



تەحجا، کە ناخۆشی نیشتیمان،
کاتێ دەمکوژی بە ماکیاژ،
لە ڕێکلامەکانتەوە،
چۆڕچۆڕ لەبەرچاوم دەکەوی و
بە ئینگلیزییەکی شەرمەزارکەر پێمئەڵێی:
بای، ئەزیزم..
ئای لاڤیو، کەی بێرپدەیتە؟
چ دەعبایەکی، نیشتیمان،
لە ئاخیریدا وەمزانی بویتە حەکیم
کەچی ئەم زەببەلاحی مۆڵانە لاقەیان کردیت
کە هیچ نەوەیەکی سرووشتیتان لێناکەوێتەوە
لە پاکەتدا ئەتک نەکرابێت..
ئەم بازاڕانەی وەک مانگای مالوان
خۆیان دەلێسنەوە،
عەرەقی ئێمە کاوێژ دەکەن
ماندوویی ئێمە دەسڕنەوە..
بابیلۆن ڕادیۆ بکەوە دەزانیت
بۆچی ڕێوی بە کونی خۆیەوە ناچێ و
هەژێک بە قنگییەوە هەڵدەواسێ..
بۆیمباخ نەما
ئەم پڕۆلیتاریانەی وڵات
خۆیانی پێ لە قەنارە نەدەن
هیچ بزنسکلاسێکیش
سوپاسنامەی بۆ نەناردن
با ئەوەندەی تر، ئابڕویان بچێت
ئەوەیە قۆندەرە، کە جیرڕەی بگاتە ئاسمان
(گوو)ش تورکیی بێت، دەیانەوێت
ئەم خەڵکە پیرۆزپەرستە..
هەربۆیە هەمیشە پڕە دەمیان لە ستایشی

کاڵای دزراو، بە دێزاینی دزراو
لەبەرنامەی دزراوەوە،
کە بۆنی هەناسەی بێژەرەکەی
ژوورەکەشمانی پڕکردووە..
ئەم هەموو دەبەنگییە چۆن دایکرد
کە بە مۆبایلێکەوە بوێریت هەبێ هاوار بکەی:
پێویستم بە کتێب نەما!
گەڵب، گەڵب!!
ئەم گەمژەییە چەند جوانە کە پڕە لە بەتاڵی
چ خودایەک لەسەری ئەم پیاسەکەرانەدایە
بەم ئێوارە ڕقاویانەوە،
ئاخر، بەم سوبای ساڵحانی گوناهکارییەوە
خۆر هەڵنایەت..
ئەو هەموو پووچییە نابینن
بە ڕووخساری بێخەمییەوە
کە دەشچن بۆ سەیران
بەسەرخۆشیی دێنەوە ناو تەنیایی
بۆ بەیانی دەچن بۆ خوتبە
بۆ ئێوارەش دەچنەوە گازینۆ
بۆ شەوێش
دەچنەوە بۆ دەسپەڕ
لە ژێر لێفەوە..
بۆ سبەینێش دەچنەوە لای چاویلکەساز.
نیشتیمان، ناتبەخشم
ئەو هەموو لاوانەت بە زیندوویی مەستکردن
بە پێکی گەوجی
کە دەکرا وڵاتێک ئاوەدانکەنەوە
ئەو هەموو سەنگەرانەت لە چوکلێت و کۆلا هەڵکێشان..
بە سیتیی و لاند،





هەموومانت بۆ بیست و پێنج ساڵی تر
لاقەکرد
ئەژدادی داهاتووی نەتەوەت گا..
بەو هەموو میدیایانەی دەبەنگی،
ئابایی هەموومانت دەرهێنا..
لەبەر زبڵ، خاکێک نیە پێیدا بڕۆم
پێیەکانم بیری خۆڵ و بەردەکان
نیگام بە خەونی گێلاسێکەوە هەڵواسراو
جەستەم لە ماتەمی گۆمێکدا وشک!
لەبەردەم باڵای ئەم بلۆکانەدا
خەم، وەک چیمەنتۆ
بە ڕۆحمدا دێتە خوار..
بەم هەموو فرمێسکە ڕەقانەوە
گریانم، بۆتە شەختە..
ڕووتبوونەوە مانای نەما
ئەم هەموو شوشەیەی کردمانە بەرمان
لەیەکتری شاردینەوە،
هەڵڕژاین
لە هەپرووبووندا،
جوانیی بەو شکاوییەوە هەر لە ئێمە دێ..
لەبەر عەتری درۆزن،
هەناسەم تەنگ
لەبەر ڕووخساری ساردی
کچەکانی ماجیدی مۆڵ
کە لە دوورەوە هاواردەکەن: تێست، تێست
هیچ زەوقێکم نەما..
ناتبەخشم،
لە دوورەوە.. کانیەکانت بەردباران کردن و
هاوارتکرد:

دەریام بۆ هێنان و دڵۆپیش نەهات..
لەوسەرەوە هاتیی و کراسێکی تاووسییت لەبەردا
لەمسەرەوە، بەو دەنگە ناخۆشەت،
هەرچی میلۆدییە کوشتت..
زۆر عەیبە، نیشتیمان!
ڕیشی خۆت دایە دەست
ئەم کۆسانەی وڵات،
نەشتەرگەریی نەما نەیکەن..
ئەم لووسکانەی حکومەت،
کە زاریان پڕ لە درۆ
لە جیاتی (من)،
(ئێمە) لە دەمیان دێتە خوار..
وەک ئەوەی ئەم وڵاتە هەمووی بێ لاق بێت
شەقامەکان پڕبوون لە کورسیی گەڕۆک
ئەم هەموو گۆچانە تۆقاندمی لە پیریی
جەنگ، لە جادەی دختۆران
سەنگەرێکی هەڵداوە بۆ مانەوە
تا هەمیشە بۆ تۆقاندنی پێکەنین
بۆ سڕینەوەی مژدە لە خەیاڵی منداڵەکاندا،
ڕێ نیە بڕۆی
لەبەر حەشاماتی ئەم هەموو گۆچان و
تەوالێتە گەڕۆکانە
دەرزییش هەڵدەی ناگاتەوە عەرد..
نیشتیمان،
شەرم بکە لەم هەموو ستاییشکردنەی
قازانج لە مێشکی حاجییەکانتدا
ئەم ئەخلاقیی عەمرەچییانە ببەرەوە بۆ خۆت
کە مێزەریی کوردییان بەسەری مەلاکانەوە نەهێشت
کە جاران، بەو هەموو گوڵینکانەوە



وەک دەفێکی ڕاوەشاو
بۆنی کەعبەی لێدەهات..
بۆنی دەمێک دێ پڕە لە جوێن
بە ڕووخساری نەوەیەکەوە،
بۆنی مێشکێ پڕە لە سوکایەتی بە ژن
لەسەری ئاپۆرەیەکدا
دەستانێک، خەون بە شمشێرەوە دەبینن
بەلاشەی جەماوەرێکەوە
ئەم هەموو چاوانەی لە نیگا خاڵیی
ئەو هەموو نیگایانەی وەک بەڵغەم دەگیرێنە جوانی..
نیشتیمان، داڕزێی،
ئەم هەموو مریشکە نەخۆشانە چین لە دەسەڵاتدا
دەرد نەما تاقیینەکەنەوە،
ئەم کۆیلانەی ڤیاگرا
ئەم سکرتێرپەرستانەی حکومەت
تخوا شوورەیی نیە،
هێشتا کوردیی نازانن پیاوانی دەوڵەت
تاقیکردنەوەیان بکەی لە غەزەلێکی (نالی)یدا
هەموویان ساقیت،
لە خۆشەویستیدا..
من نایەمە ئەم سەدەیەوە
خۆمم لە باخچەی گێلاسەکان بیرچۆتەوە
بۆیە هەمیشە وەک ئەوەی لە سێدارە درابم
بە لقی ئەڤینەوە، هەڵواسراو..
من نایەمە ئەم ڕۆژگارەوە
خۆمم لە گندۆرەیەکدا شاردۆتەوە
بۆنێکی شیرین
تەنیایی ماڵێک پڕ دەکات لە گەڕانەوە
وەک شاتوو



خوێنم برژێ، بەدەستی چەتوونەکانی گەڕەک
شەرافەتمەندانەتره
نەک گوڵێک، لە ئینجانەی ئەم خیانەتەدا.
بەرەڵڵاکردنی زەڕنەقوتەیەک
ڕێزگرتنە لە ئازادیی ئاسمان
خاڵییکردنەوەی فیشەک لە ڕووخساری هەوردا
دۆڕان...
ئەم سەردەمە کۆتایی دێت
ئەم تاریکیە دەکوژێتەوە
ئەم کینەیەش شەرمەزار
من لەو سەرەوە یەکەم دەبم
بەم کارتی کۆتایی ساڵەوە:
لە ڕقدا دەرنەچوو
لە تۆڵەدا، سفر..
سفر، لە دووڕوویی و
سفر لە فیتنەدا..
بەو کارتی پڕ لە سفرانەوە
دێمەوە بەردەمت نیشتیمان
دوو تف بکەرە نێوچەوانم
ئەستۆم بشکێ لەم وێرانەیەدا
جەنگاوەرێکی دڵسۆزت نەبووم..
لەم هەنووکەیەدا،
کە پڕیت لە سوکایەتی بەدەستی قارەمانی دۆڕاو،
من دەبمە داهاتوو
لە بردنەوەدا..

2015



## ڕێبوار سیوەیلی

-نوسەرو شاعیر ڕێبوار سیوەیلی لە سلێمانی لە دایکبووە،
- بەشی فەلسەفەی زانکۆی گۆسکیلەی لە دانیمارك تەواوکردووە.
-تا ساڵی 2000 لە وڵاتی دانیمارك ماوەتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان. - ساڵی 2007 بەشی فەلسەفەی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کردۆتەوەو ئێستا مامۆستایە لە هەمان کۆلێژ.
-خاوەنی زیاتر لە 30 کتێب و بەرهەمی فەلسەفی و ڕەخنەیی و ئەدەبییە.